کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-5-2007 11:34 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گەنجی کورد ... چۆمان هەولێری

zezo_hewlery@yahoo. com

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بە تەواوی لە تێگەیشتن و هەزمکردنی گەنجی خۆیان، هەموو بوارەکانی کاری ئیداری و حکومیان خستۆتە ژێر رکێفی خودی گەنجانەوە، ئەمەش رەنگە هۆکاری ئەو ئاستەی پێشکەوتن بێت کە لەو بوارانەدا بەدەستیان هێناوە.



بەڵام بە بەراورد لەگەڵ گەنجانی وڵاتی مندا، جێگای ئەسەف و داخە!! گەنجامی کورد لەو دیوی پەراوێزەی حکوومەتدان و یاخود هەمیشە لە هەوڵی پیرکردنیدابوون و ئەوجا لەنێو پرۆسیسی ئیداری جێگایان بۆ کراوەتەوە.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی لاوازبوونی هەزمکردنی لاوان دەگەیەنێت لە کارنامە نوێیەکەی حکومەتدا یا روونتر بڵێین پەراوێز خستنی تواناو پێگەی گەنجە و دواتر بیرکردنەوەیە لە دۆراندنی ئەو دەسکەوتانەی کە بووەتە مایەی لاوازبوونی هەستی نیشتمانی لای بەرپرسانی کورددا.

چونکە بیرکردنەوەی گەنج هاوتای کارە نەك پارە.. کە ئەمەش ئەو مەحاڵە دێنێتە ناو بوونی گەنج بە غیبابی هەمیشە لە حکوومەت بمێنێتەوە.. دەمێکە دەمویست لەروانگای ئەورووپیەکانەوە خوێندنەوەیەك بۆ تواناو شارەزایی گەنج و پێگەی گەنجی خۆمان بکەم، بەڵام تەواوی راگەیاندن و رێکخراوە بەناو گەنجانەکانەوە ئامارێکی دروست و پلەبەندییان نییە بۆ ئەوەی کەسێك بیەوێت لەمەڕ گەنج بدوێت، وەك سەرچاوە لە نووسینەکانیدا ئاماژەی پێ بدات و بەکاری بهێنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.